هۆزان دەروێش لەدیدی من

قەهار گەزنەیی

بێگومان هونەر پێوەرە بۆ دیاری کردنی ئاستی وشیاری و ئەدەب و مێژووی گەلان، چەوسانەوە و بێ زاری و تراژیدیاکانی مرۆڤ چ وەکو تاک چ وەکو کۆ لەشیعر و نوسینی شاعیران و ئەدیبان ڕەنگ دەداتەوە و هەستی پێ دەکرێت، یان لە ئاوازی گۆرانی بێژەکاندا ڕەنگ دەداتەوە بۆ مێژوو دەمێنێت، چونکە هونەر و ئاوازی سروشتی و شیعر و مۆسیقا بەشێکن لە فەلسەفە و کەلتووری مرۆڤ. هەربۆیە زۆرجار مرۆڤ کە گوێ بیستی ئاواز و گۆرانییەکی ڕەسەنی بییانی دەبێت، کەم تازۆر مێژووی ئەو میللەتە تێدەگات و هەست بە ئازارەکانیان دەکات. کەواتە دەنگی خۆش و سروشتی یان مۆسیقا و شیعر و هونەر ئاوێنەی خودی مرۆڤن و کەلتورو فەرهەنگ و مێژووی گەلانن، چونکە تاڵی و شیرینی و چەوسانەوەو حەسانەوە و ڕووداوە تراژیدیاکان ڕاستی ژیانن و دەگمەن مرۆڤ هەن ئێش و ئازاریان نەبێت.

بەڵام زۆر دەگمەن ترن ئەوانەی دەتوانن مێژووی مرۆڤ و تراژیدیاکان لە ناوچوارچێوەی دەنگی بەسۆز و ئاوازی پڕ لەسۆزدا وێنە دەکێشن، یان بەشێوەی تابلۆ نیشانی مرۆڤی دەدەن، من دەمەوێت بەبۆچونی خۆم باس لە دەنگێکی بەسۆزدا بکەم ئەویش دەنگی هونەرمەند هۆزان دەروێشە، دەنگێک ناسکتر لە گوڵ بەسۆزتر لە بلوێر، تیژتر لە نوکی شمشێر، دەنگێک لەرینەوە و سۆز لەسەرەوەی هەموو جۆرە مۆسیقایەک یان دەنگێک کە کول و زامەکەی لە دەریای خوێنی میللەتێکەوە چۆڕاوگە ئەگرێت یان لەقووڵایی خۆشەویستی و ئازاری چەوساوەکانەوە سەرچاوە ئەگرێت و مێژووی میللەتێک نمایش دەکات، کەواتە ئەو دەنگە بەشێکە لە فەلسەفەو کەلتووری میللەتێک، من نامەوێت باس لەتەمەن و چۆنیەتی ئەو هونەرمەندە بەڕێزەبکەم، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم ئەو ئافرەتە کوردە و خەڵکی کوردستانی ڕۆژئاوایە و لەبەر هونەرو فەلسەفەو لێهاتوی خۆی بوو لەوڵاتی سوریە جێگای نەبۆتەوەو دوای ماوەیەک تەنهایی و دەربەدەری و چارەڕەشی بۆ دواجار لەکوردستانی باشورو لە شارۆچکەی مەسیفی سەر بەپایتەختی کوردستان لەشاری هەولێر ئەبێتە هاوسەری کوڕەکوردێکی هونەرمەند لە بواری مۆسیقا، هەرکەسێک گوێ بیستی گۆرانیەکانی سەید ئەحمەدۆو، غەریبی و شەوێک هاتم یان گۆرانی هەی هەی مەمۆو دلۆ دلۆبێت، یان بەتەواوی لە ناخ و هزری ئەم خانمە تێ بگات، بێگومان گیانی ئەوکەسە سەربەستی خۆی وەردەگرێت و وەک ماسیەک ئەچێتە ناخی شەپۆلەکانی دەریای ئەو دیمەنە جۆراو جۆرانەی کە لە دەنگی خۆش ئاوازی بلوورو پڕ لەرەنگەوە هەستیان پێ دەکرێت، یان گیان ئەبێتە باڵدارێکی سپی سادە بەرەو قووڵایی و بەرزای ئاسمانەکان تەرم ئەفڕێ، چونکە دەنگی خۆش لەگەڵ هونەر ئاوێنەی مرۆڤن، مرۆڤ بەبێ ئاوێنە خۆی نابینێت، وابزانم من ناگەمە ئەو سنورە پێناسەی تەواوی هۆزان دەروێش بکەن هۆزان تەنها خۆی دەتوانێت.